# THE ZAYTUN

Republic Of Korea Zaytun Division www.zaytun.mil.kr April 2007







Happy !

Nawroz...



جەژنی نەورۆزتان پیرۆز

## Conclusion of Agreement "Build-ing of Zaytun Public Library"

Zaytun division concluded the agreement of Building of Zaytun Public Library which will contri-bute to advance Korean companies to Iraq and creating friendly at-mosphere in Arbil with Gyeongi-do(one of Korea's province) on 10th March.

On the project of constructing the library would be invested 4.33 million dollars at the site of 120,660 $m^2$in Arbil central park. Library will be 4,630$m^2$with 2 floors and first floor will use as multi-purpose conference rooms, a convenience store, a handicraft store, and beauty salon and so on to provide developed cultural st-Andard.

Upper floor would be fulfilled with a library, reading room, visual and auditory room. And they planned to make performance-aid institution which can occupy 400 seats. This facility will contribute cultural development of Kurd people.

This event, attended by 50 official from Zaytun, Gyeonggi-do and Arbil, made agreement about establishing and operating of Zaytun library and visiting Korea for a study of research.

Also, through this agreement, Gyeonggi-do and Arbil will go ahead forming a strong rela-tionship on May and they de-cided to invite 20 Iraqi envoys in Korea for operating library coming May and September.

Arbil governor, Nawzad hadi(53), who attended this event with expectation and interest said "Zaytun library will become a place of Korea and Kurd's cultural exchange, and help Kurdish cultural development."

## ڕێورەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی بیناکردنی پەرتوکخانەی گشتی "زەیتون"

لە ڕۆژی 10ی ئازاردا، ڕێورەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتن یاداشتنامەی لێك گەیشتن بۆ بنیاتنانی پەرتوکخانەی گشتی "زەیتون" لە نێوان تیپی زەیتون و پارێزگاری هەولێر و پارێزگاری (کیۆنگ گی دو) ی کۆری لە بینایەی پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوو. ئەم پەرتوکخانەیە بەشداریکردنێکە لە ئاسانکاری بۆ هاتنی کۆمپانیا کۆریەکان بۆ عێراق، بەوەی کە شوێنی پێشانگا و ڕێکلامی بەرهەمی کۆمپانیاکانیشی تێدایە، هەروەها بۆ هێنانەکایەی کەش و هەوایەکی دۆستانە لە نێوان پارێزگای هەولێر و (کیۆنگ گی دو) ی کۆری.

پرۆژەی ئامادەکردنی ئەم پەرتوکخانەیە (4,300,000) دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، کە ڕووبەری پرۆژەکە هەمووی 12660م$^{2}$ و ڕووبەری بینایەکەش 4630 م$^{2}$یە و لە دوو نهۆم پێکدێت، نهۆمی یەکەم بریتی یە لە هۆڵی کۆنفرانسی فرە مەبەست ، شوێنی حەسانەوە و کات بەسەر بردن ، شوێنی پیشەکاری دەستی و سالۆنی ئارایشت و جوانکاری .

نهۆمی دووەمیش تەرخاندەکرێت بۆ پەرتوکخانەیەك، شوێنی خوێندنەوە، هۆڵی دەنگ و ڕەنگ (ئۆدیۆ و ڤیدیۆ) . هەروەها پلانکراوە بۆ دروستکردنی هۆڵێکی ئاهەنگ و نمایشکردن بە جێگای 400 کورسی. ئەم دامەزراوەیە بە مەبەستی دابینکردنی بوارێکی ڕۆشنبیری پێشکەوتووە و هەروەها بەشداریکردنێکە لە پەرەپێدانی ڕۆشنبیری گەلی کورد.

ئەم ڕێورەسمە بە ئامادەبوونی نزیکەی 50 کەس لە بەرپرسانی تیپی زەیتون و پارێزگای هەولێر و پارێزگای (کیۆنگ گی دو) ی کۆری بەڕێوەچوو بۆ ڕێککەوتن دەربارەی دامەزراندن و بەکارخستنی پەرتوکخانەی زەیتون و هەروەها ناردنی کارمەندانی ناوەخۆی ئەم پەرتوکخانەیە بۆ کۆریا بە مەبەستی ڕاهێنان لەسەر بەڕێوەبردنی ئەم پەرتوکخانەیە.

هەروەها لە مانگی ئادار دا، پارێزگای هەولێر و پارێزگای (کیۆنگ گی دو) ی کۆری پەیوەندییەکانیان زیاتر بەرەوپێش دەچێت و ڕێککەوتننامەیەك لەسەر پێکهێنانی پەیوەندی بەهێز ئەنجامدەدەن. هەروەها بڕیاردراوە کە 20 کارمەند بە دوو جار لە مانگی 5 و 9 دا بانگهێشبکرێن بۆ کۆریا بۆ ڕاهێنان.

بەڕێز (نەوزاد هادی) پارێزگاری هەولێر، لەمیانەی ئەم ڕێورەسمە، لە ووتەیەکیدا گووتی" پەرتوکخانەی (زەیتون) دەبێتە شوێنێك بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی ڕۆشنبیری کورد و کۆریا و هەروەها یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی".



Structure of miniatured 'Zaytun' library to be built in Arbil central park

دیزاینی بچووککراوەی بینایەی پەرتوکخانەی "زەیتون" کە لە پارکی گشتی هەولێر دا دروست دەکرێت

# Zaytun Hospital delivers hope to little angels.

Zaytun hospital found out that there were many congenital heart patients in Arbil. But patients could not treat well because of economical matters and lack of medical facilities.

So Zaytun and the heart foundation of Korea had propelled free treatment program for congenital heart patients from November last year. And They had chosen patients with KRG since January of this year.

Followed by this program, 3 children and 2 women in their twenties had been chosen and they had gone to hospital in Korea by airplane offered by Zaytun on 8 March. After arriving Korea, they had overhauled by Korean docter. They had an operation on 12th March and will be back in good health early in April.

Zaytun division will continue this program with the heart foundation of Korea and it will make a plan to treat 5 more patients.



## نەخۆشخانەی زەیتون هیوا به جگەرگۆشەکان دەبەخشێت

نەخۆشخانەی زەیتون بۆی دەرکەتووە کە لە هەولێر نەخۆشی دڵ کونی زۆرە. بەڵام ئەم نەخۆشییە بە تەواوی چارەسەرناکرێت لەبەرئەوەی پارەیەکی زۆری تێدەچێت و هەروەها لەبەر نەبوونی ئەم جۆرە سەنتەرە پزیشکییانە لێرە.

بۆ ئەم مەبەستە، لە مانگی 11ی ساڵی پار دا تیپی زەیتون و سەنتەر (دەزگا)ی دڵ لە کۆریا هەستان بە دانانی بەرنامەیەکی چارەسەری نەخۆشی دڵ کونی بەخۆڕایی . لەوەتەی مانگی 1ی ئەمساڵەوە، بە هاوکاری لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستان بە دەستنیشانکردنی چەند نەخۆشێکی لەم جۆرە.

بە گوێرەی ئەم بەرنامەیە، 3 منداڵ و 2 ئافرەت لە تەمەنی بیستەکاندا دەستنیشانکران و لە 8ی ئازاردا ڕەوانەکران بۆ نەخۆشخانەیەکی کۆریا بە فڕۆکە لەسەر ئەرکی تیپی زەیتون. دوای گەیشتنیان بۆ کۆریا ، لە لایەن پزیشکانی کۆری یەوە پشکنینی ووردیان بۆ کرا و لە 12ی ئازاردا نەشتەرگەریان بۆ کرا و لە سەرەتای مانگی نیسانیشدا بە تەندروستییەکی باشەوە دەگەڕێنەوە.

تیپی زەیتون بەردەوام دەبێت لەسەر ئەم بەرنامەیە لەگەڵ سەنتەر (دەزگا)ی دڵ لە کۆریا و بەرنامەیەك ڕێکدەخات بۆ چارەسەرکردنی 5 نەخۆشی تریش.

# Harmony of friendship in Arbil

Zaytun military band which is well recommanded to Arbil residents with high reputation in playing traditional music, popular songs and military songs in green-angel operation as well as performances in many division's events.

KRG police school band sent an official document to Zaytun military band for teaching them to have better music performance. KRG police school band had never experienced professional education in playing instruments.
So they were behind in understanding musics and playing instrument.

Zaytun division accepted their proposal for helping them in humanitarian reasons.
So KRG police school band blended together to play music from 14 January to 28 February. It held in Zaytun division twice in a week for three hours by each performance.



Because of frequent occurred problems such as their language to converse and low level of a musical performance, they had a problem in first class. But KRG police school band improved musical techniques day by day. By everyone's desire, they could play well in short period with the bandmaster and bandsmen's effort.

KRG police school band could not play performance in the main event yet. But they found their potentialities in this training. For celebrating the completion of education, Zaytun division gave an instrumental support such as drums, trumpets, flutes and so on, all together 18 pieces. Total instrumental support costs 4,500 dollars worth. This support made them be confident for doing well.

Bandmaster who thought them said "I am really proud of KRG police school band. They progressed their ability remarkably in a short period. although they are low level now, I was very impressed by them and their passion of musical performances."

On the other hand, Zaytun military band and KRG police school band performance will show at Korea-Kurdish Friendship day festival coming on 10 April.



## تەبایی دۆستایەتی لە هەولێر

تیپی زەیتون ڕێورەسمی کۆتایی هاتنی کۆرسی موزیک و بەخشینی ئامێری موزیك بۆ باندی موزیکی کۆلیژی پۆلیس بەڕێوەبرد باندی موزیکی سەربازی تیپی زەیتون بە باشی ناسراون لە نێو هاوولاتیاندا بەوەی کە ئەوان موزیکی فۆلکلۆری و سروودی کوردی و کۆری دەژەنن لە کاتی کردارەکانی (فریشتەی سەوز) و هەروەها ئاهەنگەکانی تری تیپی زەینون دا. ئەم باندە نامەیەکی فەرمی یان لە کۆلیژی پۆلیسی هەولێرەوە پێگەیشتبوو کە تیایدا داوای کردنەوەی کۆرسی فێرکردنی موزیکیان کردبوو بۆ باندی موزیکی کۆلیژی پۆلیس کە شارەزاییان نەبوو لە ژەنینی ئامێری موزیکی .

تیپی زەیتون بڕیاری هاوکاری ئەم کۆرسەی دا و لە 1/14 دا دەستییپێکرد تاوەکو 2/28 بۆ ماوەی 7 هەفتە و هەفتەی 2 ڕۆژ و ڕۆژی 3 کاتژمێر لە سەربازگەی زەیتون بەڕێوەچوو.

لە یەکەم ڕۆژی کۆرسەکەدا باندی موزیکی تیپی زەیتون هەوڵی فێرکردنی باندی موزیکی کۆلیژی پۆلیسیان دەدا بە باشترین شێوە بەڵام هیچ بەرەوپێشچوونێك لە فێربووندا بەدینەکرا و بەربەست لە فێربووندا هەبوو لەبەرئەوەی زانیاری بنەڕەتی مۆسیقایان نەبوو و نەیاندەتوانی بە جوانی بژەنن و هەروەها وەرگێری زمانی کوردی نەبوو لە نێواندا. بەڵام بە هەوڵی باندی موزیکی تیپی زەیتون و بەردەوام بوونیان لەسەر کۆرسەکە و بە ویستی هەردوولا، باندی موزیکی کۆلیژی پۆلیس ڕۆژ بە ڕۆژ شارەزایی موزیکیان بەرەوپێش دەچوو و لە ماوەیەکی کورتدا توانیان موزیك بژەنن بە باشی.

باندی موزیکی کۆلیژی پۆلیس توانای ئەنجامدانی مارشی نییە بە فەرمی، بەڵام لە ڕێگەی ئەم کۆرسەوە شارەزایی و متمانە بەخۆیان پەیدا کردووە.
لە ڕێورەسمی کۆتایی هاتنی کۆرسەکەدا، تیپی زەیتون هەستا بە بە هاوکاریکردنی ئەم باندە بە 18 ئامێری موزیکی وەك (فلوت و ....) هەمووی بە بەهای 4500 دۆلار. ئەمەش زیاتر متمانەی بەرەوپێشچوونی پێبەخشین.

کاپتن (شیم هی سۆك) سەرۆکی باندی موزیکی تیپی زەیتون، کە سەرپەرشتی ئەم کۆرسەی کردووە،لە ووتەیەکیدا گووتی:" بە ڕاستی زۆر سەرفرازم بە باندی موزیکی کۆلیژی پۆلیس، کە لە ماوەیەکی کورتدا و بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشچوونیان بەخۆوەدیتووە. وێرای ئەوەی کە ناتوانن بە باشی بژەنن ئێستا، بەڵام زۆر دڵنیام لێیان بەوەی کە پەرۆشی و حەماسەتیان هەیە بۆ فێربوونی موزیك."

لە 4 /10 دا، هەردوو باندی موزیکی کۆلیژی پۆلیس و باندی موزیکی سەربازی تیپی زەیتون بەیەکەوە نمایشێك پێشکەش دەکەن لە ڕۆژی (ئاهەنگی دۆستایەتی کورد ـ کۆریا).

# "I love Korea!" - Salahaddin Univ. students

# قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین : " کۆریامان خۆشدەوێت"

Zaytun division had a meaningful event which was held for understanding and experiencing Korean culture on February 24 in the gymnasium of Salahaddin University. This event was attended by the president of the university (Muhamad Sadiq), school officials and 1,500 Zaytun soldiers.

Salahaddin University which is one of a prestigious university in Iraq established in 1968. It is composed by 16 colleges (humane studies, medicine and so on) and there are about 300 professors and 20,000 students.

The main purpose of this event was understanding mutual culture by cultural exchanging and introducing Zaytun's activities.

There were many events for sharing Korea culture such as a photograph exhibition of Korean culture and Zaytun's activities, a photo zone where can take impromptu picture and develope with no charge and performances as making kites, masks in first part <friendship chapter>

And they performed the Korean traditional percussion quartet "Samul-nori" and martial art "tae-kwondo". Continuously dance and military music performance were played In second part <harmony chapter>. Student responded to these performances with great passion.

Subsequently to Zaytun soldier's performances, students of Salahaddin University played music with instrument. Most of all, Zaytun soldiers were impressed by a harmonized performance which deeply expressed intimacy and friendship. And at the same moment, we could feel that their gratitude to us was softly soaked.



ڕۆژی شەممە 2/24 ، تیپی زەیتون، بە مەبەستی لە یەك گەیشتن و شارەزابوون بە کەلتوری کۆری، هەستا بە سازکردنی ئاهەنگی "فریشتەی سەوز" لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین بە سەرپەرشتی تیپی زەیتون و بە ئامادەبوونی (د. محمد صدیق) سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و زیاتر لە 1000 قوتابی و مامۆستای زانکۆ و هەروەها نزیکەی 500 ئەفسەر و سەربازی تیپی زەیتون.

زانکۆی سەلاحەدین یەکێکە لە زانکۆ بە ناوبانگەکانی عێراق، لە ساڵی 1968ەوە دامەزراوە و پێکهاتووە لە 16 کۆلیژ (زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئەندازیاری و ... هتد). و نزیکەی 300 مامۆستا و 20000 قوتابی هەیە .

مەبەستی سازدانی ئەم ئاهەنگە بۆ لە یەکگەیشتنی کەلتوری یەکتری لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی کەلتوری و پێشکەشکردنی چالاکییەکانی تیپی زەیتون و هەروەها بۆ پتەوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان تیپی زەیتون و گەلی کورد بوو. ئاهەنگەکە لە چەند برگەیەك پێکهاتبوو کە یەکەمیان بۆ چالاکی دۆستایەتی بوو وەك پێشانگایەکی وێنە بۆ خستنەڕووی کەلتوری کۆری و کاروچالاکییەکانی تیپی زەیتون و هەروەها وێنەگرتنی خێرا، کە لە هەمان کاتدا وێنەکەت بۆ پرینت دەکرێت بە بێ بەرامبەر و چەند چالاکییەکی تر بۆ تێگەیشتن لە کەلتوری کۆریا وەك کۆلارە دروستکردن و یاری ( چێگی چاگی). بەشی دووەمیش (هاوبەشی و تەبایی) بوو وەك نمایشی موزیکی فۆلکۆری کۆری (سامولنۆری) و هونەری جەنگی (تایکواندۆ) و سەمای کۆری و باندی مۆسیقای سەربازی. ئەمانە هەمووی بوونە جێگای خۆشحاڵی قوتابییەکان. هەر لە دوای نمایشەکانی تیپی زەیتون دا، قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدینیش نمایشێکی موزیکیان پێشکەشکرد. هەروەها سەربازانی زەیتون خۆشحاڵبوون بەم نمایشە هاوبەشانە، کە هەستی دۆستایەتی و هۆگری یەکتری یان دەنواند. لە هەمان کاتیشدا، سوپاسگوزاریان جێگای خۆشحاڵی سەربازانی زەیتون بوو.

# The ceremony to celebrate the completion of the school in Qatawi

# ڕێوڕەسمی کردنەوەی قوتابخانەی ( قەتەوی )

The ceremony to celebrate the completion of the school in Qatawi was held by Zaytun division on February 11. The ceremony was attended by KRG minister of education, school officials and other local guests.

The construction started on April 2006 and this facility took about ten months to be completed. The school has a building space amount of 1170 m² and a playground of 2410 m².

And this modern facility has classrooms for every each grades, a computer lab with high technologized system and equipment, and all completed room possess air conditioning system and other amenities.

Also Zaytun supported about 430 equipment and supplies including 32 computers, software, a duplicator, a multy-television, desks and chairs.

Delshad Abdulrahman ,KRG minister of education, said "Education is important to bring hopeful future to the next generation. Thank Zaytun for their all-out effort in constructing the school. We and even our future generations will never forget your help and greatness."




لە ڕۆژی 2/11 دا، تیپی زەیتونی هێزەکانی کۆریای باشور لە هەولێر، ڕێورەسمی کردنەوەی قوتابخانەی (قەتەوی)ی سەرەتایی لە گوندی (قەتەوی)ی سەر بە پارێزگای هەولێر ئەنجامدا. ڕێوڕەسمەکە بە سەرپەرشتی تیپی زەیتون و بە ئامادەبوونی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی پەروەردەیی و کارمەندانی قوتابخانەکە و میوانانی تر بەڕێوەچوو.

بیناکردنی قوتانجانەی (قەتەوی)، کە لە مانگی (4)ی 2006 دا دەستی پێکرا، 10 مانگی خایاند . ڕووبەری بینایەی ئەم قوتابخانەیە 1170 م$^2$ و گۆڕەپانەکەشی 2410 م$^2$ یە .

ئەم قوتابخانە هاوچەرخە هەموو پۆلی خوێندن و ژووری بەڕێوەبەر و مامۆستایان و ژوورێکی کۆمپیوتەر بە شێوازی هاوچەرخ لەخۆدەگرێت ، هەمووی بە سیستەمی ئێیەرکۆندیشنەر و پێداویستی تر دابینکراوە.

هەروەها تیپی زەیتون هەڵساوە بە دابینکردنی (430) ئامێر و کەل و پەل وەك 32 کۆمپیوتەر و پارچەکانی، ئامێری کۆپیکردن، سێت تەلەڤیزیۆن و مێز و کورسی .... .

بەڕێز (دلشاد عبدالرحمان) وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ووتەیەکی ڕێورەسمی کردنەوەکە دا گووتی " پەروەردە و خوێندن زۆر گرنگە بۆ بەدیهێنانی دواڕۆژێکی پرشنگدار و هیوابەخش بۆ نەوەکانی داهاتوو. سوپاسی هەوڵەکانی تیپی زەیتون دەکەین لە بنیاتنانی قوتابخانەدا. ئێمە و هەروەها نەوەکانیشمان، هەرگیز هاوکارییەکانتان لە بیرناکەین."

## 2007 Korea-Kurdish Friendship day
## ئاهەنگی دۆستایەتی (کۆریا ـ کورد)ی ساڵی 2007

A great festival to celebrate Korea-Kurdish Friendship memorial day will be taken place in Zaytun Division on early April. This event will be held for not only increasing friend-ship between Korea and Kur-dish but also celebrating completion of Third commander's serve and 11BDE's successful duty.
The festival will be composed of three arts<share, correlation, combination> and will expect to be attended about 1,000 peo-ple including KRG officials, Local resident, allied forces.

لە10ی مانگی نیسان دا، فیستسڤاڵێکی گـەورە بۆ ئاهەنگێڕانی دۆستایەتی کـۆریا ـ کـورد لە تیپی زەیتون بەڕێوەدەچێت.
ئـەم ئاهەنگە کە سازدەکرێت ، نەك تەنها بـۆ پتەوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان کۆریا و کورد بێت ، بەڵکـو هەروەها بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ئەرکی سێیەم فەرماندەی تیپی زەیتون و کارە سەرکەوتووەکانی لیوای 11ەشە.
ئاهەنگەکە لە سـێ بەش پێکدێت ( هاوبەشی و هاوپـەیوەندی و بـە یەکەوە) ، وا چـاوەڕوان 1000 کـەس تیایدا دەکرێت کـە نزیکـەی ئامادەبێت وەك بەرپرسان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوولاَتیان و هەروەها لە هێزەکانی هاوپەیمانانیش.






## گەشەسەندنی ئابـوری وولاَتی کـۆریـا

شەڕی ناوخۆیی کـۆریا لە ساڵی 1950دا هەڵگیرسا ئەویش بە هۆی جیاوازی و ڕێکنەکەوتنی ئایدیۆلۆژیای دوو پارتی ئەو وولاَتەوە.
40٪ ی ژێرخانی کۆمەلاَیەتی و سێیەکی خانوو و بیناکان ڕووخان و کاول بوون لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی شەڕ دا و دەرەنجام کـۆریا بوو بە وولاَتێکی دواکەوتوو.
ساڵی 1960 داهاتی نیشتمانی سالاَنەی هەر تاکە کەسێك تەنها 76 $ بوو، کـە کـۆریا (119)ەهەمین وولاَت بـوو لە ڕیزبەندی 120 وولاَتانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.
کۆریا چەند نەخشە و پلانێکی پەرەپێدانی کێشا. یەکێك لەم پلانانە، پلانی 5 ساڵەی پەرەپێدانی ئابوری بوو، کە لە ساڵی 1962 دا دەستپێکرد و یەکێکی تریشیان پلانی " سێیمائول" بزووتنەوەی گـوند (کۆمەڵگە)ی نـوێ بـوو بە دروشمی هـەوڵ و کۆشش و پشت بە خۆ بەستن و هاریکاریکردن. هەر ئـەو دوو پلانە هـزر و ووشیاری کۆری یەکانی گۆڕی و بوو بە بنچینەی پەرەسەندنی ئابوری.
کـۆریەکان لە ساڵی 1962ەوە بۆ ساڵی 1966، هەستان بە فراوانکردنی ژێرخانی کۆمەلاَیەتی و پیشەسازی ووزە وەك ووزەی کارەبا و بەردی خەڵووزی. ئەمەیان یەکەمین پلانی پەرەپێدان بوو کە بووە گەشەسەندنـی بنەڕەتی و سـەرەکی. پلانی دوەمیش لە سـاڵی 1967ەوە بۆ ساڵی 1971 دەستپێکرا و لـەم ماوەیەدا دەستکرا بە دامەزراندنـی سیستەمی خۆراك ( بەپشت بەستن بە خۆراکی ناوخۆیی) ، ناردنەدەرەوەی بەرهەمی پیشەسازی و ئاسن، بنیاتنانی پیشەسازی ئۆتۆمبێل ، وەبەرهێنان لە بواری تەکنۆلۆژیای زانستی. پلانـی سێیەمیش لە ساڵی 1972ەوە بۆ ساڵی 1976 بوو، کە جەختکردن بوو لـە بواری پیشەسازی قورس وەك دروستکردنی کەشتی و کارگەی ئاسن و پیشەسازی ئامێری ئەلکترۆنی. لە ڕێگـەی ئـەم پلانانەوە، کـۆریا بەردی بناغەی گەشەسەندنی ئابوریی داڕشت.
ئینجا لەو کـات بە دواوە، پلانەکانی پەرەپێدانی ئابوری چـوارەم و پێنجەم و شەشەم بـە دوای ئەوانی تر ئەنجامدرا و بەردەوام بوو. وولاَتانی بیانی بە چاوی ئەرێییەوە سەیری پـەرەسەندنی ئێمەیان دەکـرد و نـاویان لێنابووین ( پـەرجووی ڕوباڕی "هان"). وولاَتی کۆریایان بە یەکێك لە چوار ئەژدیهایەکانـی ئاسیایان دەناساند. ( چـوار ئەژدیهایەکانی ئاسیا کـۆریا و سینگافور و تایوان و هۆنگ کۆنگ).
لە دەرەنجام و بە وای ئەم گەشەسەندنە مەزنەوە توانیمان یاری یەکانی ئۆلۆمپی سیئۆل لە ساڵی 1988 و جامی جیهانی لە ساڵی 2002 لە سیئۆل و کۆنگرەی APEC هاریکاری ئابوری وولاَتانی ئاسیا بەڕێوەببەین. هەروەها لە ساڵی 2006دا، داهاتی نیشتمانی سالاَنەی هەر تاکە کەسێك گەیشتە 16000 $. پەرەسەندنی کۆریا لە دەرەنجامی ئاوێتە و تێکەڵبوونی (ستراتیژیەتی پەرەسەندنـی دەرەکی، کە توانای شاراوەی خودی تاکە کەسی لە هزری هەموو کەسێکدا هەژاند ) لە گەڵ (سیاسەتی کاریگەری کارگێڕی خۆیی).



## Korea's Economic Development

Korea war was broken out in 1950 by discord of two party's ideology. 40% of Social infrastructure and a third of buildings were destroyed during three year's war. Then Korea had become a backward country. In 1960, our national income per 1 person was $76, which ranked 119th out of UN's 120 countries.

Korean made plans for growth. One was 5-year economic development plan which had begun from 1962, another was Saemaeul Movement(the new community movement) with mottos of diligence, self-help and coopera-tion. Two plans changed Korean's consciousness and became foundation of economic development.

They had expanded social infrastructure and energy industry such as electric power and coal from 1962 to 1966.

This was the first Development plan which had became the basic growth. Second plan had been launched from 1967 to 1971.
In this period, there were es-tablishments of selfsupplied food system, Exportation of chemistry, steel, the construction of machine industry and investment for scientific technique.

Third plan was focused on the heavy-chemical industry such as shipbuilding, steel manufacture and electronics industry from 1972 to 1976. Through these plans, we made Ground work of economic growth.

The festival will be composed of three parts <share, correlation, combination> and will expect to be attended about 1,000 people including KRG officials, Local resident, allied forces.

Thereafter fourth, fifth, sixth economic deve-lopment were continued. Foreigner watched our growth with envy and called "Miracle of Han river". They started to recognize Korea as one of four dragons in Asia.
(Four dragon of Asia are Korea, Singapore, Taiwan and Hong-kong)

Because of great growth, we could hold the Seoul olympic in 1988, world cup in 2002 and APEC in 2004.(Seoul is the capital of Korea and APEC means Asia-Pacific Economic Cooperation)

Korea's growth was a results from interaction of an external development strategy that could do to gush potential energy in all people's mind and Govern-mental effective policy.